# سەلەفییەت پرۆژەیەك بۆ سەر لێشێوانی گەنجان
# لە ئامۆژگارییەکانی (حەسەن ئەلبەننا)وە

بڵند مستەفا

سەلەفیەکان.. لێناگەڕێن مرۆڤ هەم لەزانست. زانیاری, ئامرازەکانی پێشکەوتنی حوکم و ئیدارەی ژیان تێر بخوا و هەم لەمەسەلە رۆحیەکانی ئاسوودە بێت

سەلەفییەکان.. بەناوی ئیسلامگەرییەوە ناوەرۆکی ئیسلام و ئیسلامی سیاسیش پوچەڵ دەکەنەوە, لێناگەڕێن کۆمەڵ لەڕووی ئاینی و تاکەکەسیش لەڕووی رۆحییەوە رەوتی ئاسایی باوەڕەکانی خۆی درێژە بداتێ. لێناگەڕێن مرۆڤ هەم لەزانست, زانیاری, ئامرازەکانی پێشکەوتنی حوکم و ئیدارەی ژیان تێر بخوا و هەم لەمەسەلە رۆحیەکانی ئاسوودە بێت. پێکەوە سازاندنی مەسەلە دەروونییەکان و مەسەلە دونیاییەکان بەفشار جێبەجێ ناکرێت لەناملکەیەکدا بۆ گەنجانی نووسیوە. بەڵکو بەقەناعەت و بەئازادی دابین دەکرێت. ئەوان لێناگەڕێن مرۆڤەکان بەتایبەتی گەنجان لەسەردەمی خۆیاندا و بەپێی نەریتە نوێ و تازەکانی سەردەم بژین. هەمیشە دەمانگەڕێننەوە بۆ تاریکی و سەردەمی جەهالەت. ژیان و ئاسوودەیی خەڵکان دەخەنە قاڵبێکی خوارو خێچەوە کە خۆیان نەخشەی دەکێشن.. بڕوانن (حسن ئەلبەننا) کە پێشەنگێکی ئەم سەردەمەی ئیسلامی سیاسیە چۆن ئامۆژگاری گەنجان دەکات... ئەم زاتە دەڵێ:

((بیروباوەڕی ئێمە ئیسلامخوازییەکی رووتە لەسەر ئیسلام راوەستاوە و ئیسلامیش سەرچاوەکەیەتی و لەپێناو بەرزکردنەوەی وتەی ئەویشدا کار دەکات. لەئیسلامیش بەولاوە بەهیچ رژێمێکی تر قایل نییە و لەغەیرە ئەویش هیچی تر ناکاتە رێبەری خۆی و لەیاساکانی ئەویش بەولاوە سەر بۆ هیچ یاسایەکی تردا نانەوێنێت.))

یان دەڵێ چی:

((جیهان سەرو مڕ سەرلێشێواوە و ئەو رژێمانەی هەشن ناتوانن چارەی ئەم دەردە بکەن و لەئیسلامیش بترازێت هیچ دەرمانێکی تر نییە جا ناوی خوای لێبێنن و بڕۆنە پێشەوە و چارەی بکەن و هەموو دنیاش چاوەڕێ رزگارکەرێکە و لەم ئیسلامەش کە ئێوە مەشخەڵەکەتیان هەڵگرتووە بترازێ, هیچ رزگارکەرێکی تر نییە))*

دێڕ بەدێڕ بەدیقەت لەم دوو پەرەگرافە ورد بەوە, نەك هەر بیرو باوەڕی سەلەفیەتی لێ دەچۆڕێ. بەڵکو ئەندێشەی دیکتاتۆرییەتی ژیانی تاریکستانیشی لێدەبینرێت.

دەڵێ:

-بەهیچ رژێمێکی تر قایل نابێت.. واتە: شەڕی ئەهلی وبەردەوام پشێوی و تێکدانی ئەو رژێمانەی لەگەڵ پێوانەکانی (حەسەن ئەلبەننا)دا ناسازێت.

-جگە لە یاسای ئیسلام سەر بۆ هیچ یاسایەکی تر دانانەوێنێت. واتە یاسا دارێژ راوەکان, حکومەتەکان, پەرلەمانەکان, دەستوورەکانی گەلان, بڕیارەکان.. سەرجەم پێشێل دەکات. بێگومان کاری ئاوهاش تاوانی گەورەی لێدەکەوێتەوە, کوشت و کوشتاری لێدەکەوێتەوە هەڵگەڕانەوەی لێدەکەوێتەوە.

-

جیهان سەر و مڕ لێشێواوە.. واتە: خۆیان بەئەلتەرناتیف هەموو جیهان دەزانن, ئەگەر لەچەند دەوڵەتێك حوکم بگرنە دەست دوور نییە لەسەر ئاستی جیهانیش ببنە مایەی ئاشوبێکی گەورە مەگەر خۆیان بزانن ئاکامەکەی دەگاتە گوێ.

-لەئیسلام بترازێت هیچ دەرمانێکی تر نییە.. واتە هەرچی باوەڕ و زانست و زانیاری داهێنراوەکانی تری غەیرە ئیسلام هەیە هەر هەمووی رەت دەکاتەوەو کە بێتە سەر حوکم هەموو لەناو دەبات.

-ناوی خوای لێبێت و بڕۆنە پێشەوە و چارەی بکەن.. واتە: گوێ مەدەنە حکومەتەکان, یاساکان, نەریتە نوێکان, هەڵوێستی جیاوازی خەڵك و بیرو باوەڕی جودا.. هەڵمەت بەرن و هەر هەمووی تێك بشکێنن. ئەمەش کوش و کوشتاری خەتەرناکی لێدەکەوێتەوە تیرۆر بەدواوە دێت.

-هەر هەموو دنیاش چاوەڕێی رزگارکەرێکە و لەم ئیسلامەش بترازێت کە ئێوە مەشخەڵەکەیتان هەڵگرتووە, هیچ رزگارکەرێك نییە.

ئەمەش گەورەترین تێکدانی مێشکی گەنجانە چونکە لە جیهاندا یەك ملیار موسڵمان و شەش ملیار غەیرە موسڵمان دەژین.. بەچ چەکێك و بەچ هەڵمەتێك و بەچ تەوژمێك ئەم جیهانە رزگار دەکرێت؟.. ئاخر گەنجی موسڵمان چی بکات لەناو شاری خۆی بەبێ سەیارەی دەوڵەتانی غەیرە موسڵمان, ناتوانێت لە گەڕێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر بڕوات.

ئاخر گەنجی موسڵمان چی بکات ئەگەر سەری بێشێت بەبێ خواردنی دەرمانی دەوڵەتانی غەیرە موسڵمان چاك نابێتەوە.. کام دەوڵەتی موسڵمان, کام موسڵمانی راستی و کام موسڵمانی سەلەفی هەیە, لەم سەردەمەدا پاشکۆی زانست و زانیاری, پیشەسازی, ئەندازیاری, تەندروستی, دەوڵەتانی غەیرە موسڵمان نەبێت؟.


**کام دەوڵەتی موسڵمان, کام موسڵمانی راستی و کام موسڵمانی سەلەفی هەیە, لەم سەردەمەدا پاشکۆی زانست و زانیاری, پیشەسازی, ئەندازیاری, تەندروستی, دەوڵەتانی غەیرە موسڵمان نەبێت؟**


سەر لێشێواندنی گەنجانە.. بەختوکەدانی هەست و سۆزی ئیسلامی شتێکە و راستی ژیان و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانیش شتێکی دیکەن. گەڕانەوە بۆ نەریتی دێرینە هەتا رادەی هەڵگەڕانەوە لەسەرجەم گۆڕانکارییەکان خەسڵەتی نەگۆڕی سەلەفییەکانە, ئەمەش زیانێکی بێ سنوور بەکۆمەڵ و ژیانمان دەگەیەنێت.

لەکۆتایی شیاوی ئاماژە بۆ کردنەکە ئەم وتانەی (حەسەن ئەلبەننا) لە نامیلکەیەکدا کە بۆ گەنجانی نووسیووە هاتووە, لەڕێگا رێکخراوێکی قوتابیانەوە گەیشتۆتە کوردستان.

*بۆ گەنجان/ حسن البنا- الاتحاد الاسلامی العالمی للمنظمات الگلابیه ل(10-12)